# یادەوەری و كاریگەریەكانی لەسەر ژنان...!!

سەروەركەریم
sarwarkareem@gmail.com



هیچ شتێك لای مرۆڤ بەقەدەر زەمەنی منالّیی سەرنج ڕاكێش نییەو لەلا شعووردا جێگیر نابێت ، بەلایەنی خۆش و ناخۆشیەكانییەوە، بۆیە زەمەنی منالّیی ئەو زەمەنەیە كەزۆرترین پرسیار لەگەلّ خۆی هەلّدەگرێت و منالّ بەردەوام پرسیار لەسەرسەرلەبەری ئەو شتانە دەكات كە دەیبینێت.

ڕەنگە پرسیار گرنگترین شتی دنیای منالّیی بێت كە بەهۆیەوە ئاشنا دەبێت بە (جوانیی، ناشیرینیی، تالّیی ، شیرینی، شەڕ، ئاشتی، كچ، كوڕ، باوك، دایك... هتد )

مندالّ هەر لەسیستەمی پرسیاری بەردەوامەوە ئاشنا دەبێت بە هێماكان و دەبێتە هەلّگری شتەكان ولەلاشعوریدا جێگیر دەبێت و لەسەر كەسایەتی ڕەنگدەداتەوە.

بۆیە سەیر نییە ئەو منالّەی بەمنالّیی دووچاری دەستدرێژیی و زەبرو زەنگ دەبێت ناخۆشترین یادەوەری لەلای جێگیر دەبێت و بەردەوام لەناخی خۆیدا هەستی پێدەكات و ئازاری پێدە چێژێ ، لەفورسەتی جۆراو جۆر دەگەڕێت تا تۆلّەی خۆی بكاتەوە و دە بینیت مرۆڤكی بەردەوام نائارامەو خەمۆكییەو حەز بەئازاردانی خەلّكیی دەكات و پەنا بۆ زۆر كاردانەوەی جۆراو جۆر دەبات.

لە كۆمەلّگای ئێمەدا بە هۆی بوونی كەلتورێكی دوو روودرێژ سنووری حەرامكراو و چەپاندن كە لەدنیای منالّیدا بەسەریدا دەسپێنرێ، منالاّن دووچاری توونده تیژی بوون لە لایەن دایك و باوك و كەس و كاریانەوە ، كە زۆرجار ئەو توندو تیژییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەروەردە كردنەی بەمیرات بۆی ماوەتەوە، كە دەبێت بسەپێنرێ و بەلێدان و زەبرو زەنگ ئاڕاستەبكرێن.

ئەو جۆرە مامەلّە كردنەی دایك و باوك لەگەلّ مندالّەكان دەبێتە هۆكاری پەروەردە بوونی نەوەیەك كە هەلّگری توندو تیژییە بەرامبەر بەڕەگەزەكەی خۆی و بەرامبەرەكەشی.

لایەنێكی تری بەرجەستە بوونی توندو تیژی لەلای منالّە كوڕەكان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی كە لەنێوان كوڕەكان و كچەكاندا دەكرێ لەلایەن دایك و باوكەوە بەوەی زۆرترین سۆزو خۆشەویستی دەدات بە كوڕەكان و داخوازییەكانیان زۆر بەزوویی بۆ جێ بەجێ دەكات ، بەلاّم بۆ كچەكان بەپێچەوانەوە، كاتێك باوك بەردەوام فەزلّی كوڕەكان دەدات بەسەر كچەكەیداو هانیان دەدات لە كچەكان بدەن و ئازاریان بدەن، هەر لێرەوە كچەكان دوچاری گەورەترین توندوتیژیی دەبن لەناو خێزان و كاردەكاتە سەر سایكۆلۆژیەتیان و لە یادە وەرییاندا جێگیر دەبێت، لەهەمانكاتدا هیچ كات نابێت كچەكان ناڕەزایەتی دەربڕن، یاخو لێیان بدەنەوە، ئیدی كچەكان هەر لەناو مالّی خۆیانەوە پرۆسەی بەقوربانی بوونیان دەستپێدەكات و یاساكانی كۆیلەكردنیان دادەڕێژرێ و لەیادەوەرییاندا جێگیر دەكرێ كە ئەوان لەكوڕەكان كەمترن و بچووكترن و مافی ئەوەیان نییە وەك ئەوان بن و مامەلّەو هەلّسوكەوت بكەن و حەزەكانی منالّییان مومارەسە بكەن و بەئارەزووی خۆیان پرسیار بكەن و یاری بكەن و جل و بەرگ لەبەر بكەن ، كچ بەو هەموو ئازارەی منالّییەوە هەنگاو بەرەو ژوور دەنێ و تا دەگات بەزەمەنی (هەرزەكاریی)و ئیدی مێشكی دەكرێتەوەو وردە وردە شتەكان دەناسێت ، بەلاّم دیسان دەكەوێت بەسەر دنیایەك سنوری حەرامكراودا كە ئەمەیان زۆر لەسەردەمی منالّیی قورسترەو كوشندەترە، چونكە ئەو هەر لەمنالّییەوە سەركوتكراوەو هەموو

پرسیارەكانی لێقەدەغەكراو ئەمە لەیادەوەریدا جێگیر كراوە كە دەبێت شەرم بكات نابێت پرسیار بكات نابێت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەری مامەڵە بكات و بەئارەزووی خۆی ڕابكات و پرسیاری چۆنیەتی لەدایكبوونی بكات هەموو ئەمانە دنیایەگ گرێی دەروونییان لەناخیاندا جێگیر كردووە، بۆیە كاتێك دەگات بەقۆناغی هەرزەكاریی گۆڕانكاری لەڕووی بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژی یەوە دەست پێدەكات ویەكەمین گۆڕانكاری دەستپێكردنی سوڕی مانگانەیە، ئیدی ئەوەندەی تر دووچاری ئازاری دەروونی دەبن و هەست بەگوناهو تاوان دەكەن ناوێرن بچووكترین پرسیارلەوگۆڕانە بكەن،چونكە هەر لەمناڵییەوەگەورەترین ترس لەیادەوەریاندا جێگیركراوە،بۆیەبۆهەرگۆڕانكاریەك ئەویادەوەریانەسەر دەر دەهێننەوە و خۆیان دووبارە دەكەنەوە ، سەرەتای دەستپێكردنی سەردەمی هەرزەكاریی بۆ كچان بەئەندازەیەك ئازاریان دەدات كە توانای ڕۆیشتن و بیركردنەوەو هەڵسوكەوتیان لاواز دەكات و هەست بەشەرم و ترسێكی زۆر دەكەن و بەردەوام حەزیان لە تەنیایی و دوورە پەرێزییەو لەڕووی پێكهاتەی جەسەدییەوە لاواز دەبن و زۆر جار تووشی نەخۆشیی دەرونیی دەبن كە كاریگەری دەبێت بۆ گەشەكردنی عەقڵی و جەسەدی ..

دیارە هەموو ئەوانە دیاردەیەكن لەیادەوەری تەواوی بوونی هەیەو كلتورو كۆمەڵگەش بەپیرۆزیی ڕایگرتووەو نەوە لەدوای نەوە بۆی دەگوێزرێتەوە ، بۆیە نەوەكانی كۆمەڵگای ئێمە ، بەتایبەتی كچان دووچاری گەورەترین توندوتیژی دەبن هەر لەمناڵییەوە هەتا دەگات بە قۆناغی پێگەیشتن و پیرییش ، زۆرێك لەوژنانەی كە پیر بوون یادەوەرییان بكولێنەوە هەڵگری دنیایەك ئازارو توندوتیژییە بەدەست ئەو كلتورەی كە بەردەوام ترس و شەرم و لێدانی لەلایان جێگیر كردووە و پیاوی بەشەڕەنگێزیی و خاوەن هێز پەروەردە كردووە بۆئەوەی ئازاری ژنان بدەن وەك نێچیرێكی بەردەوام.

بۆیە دەبینین لەكۆمەڵگای ئێمەدا یادەوەری گەورەترین كاریگەریی لای تاكەكانی هەیە، چونكە هەرتاكێك هەڵگری دنیایەك یادەوەریەولەلاشعوریداو لەهەر زەمەنێكدا بگاتە یەقین سەردەردێنی و دوبارە دەبێتەوە.

بۆیە سەیر نی یە پیاوانێك هەبن لەزەت لەبڕینی لوت و جەستەی ژنان وەربگرن، چونكە لەیادەوەری ئەودا ژنان هەمیشە بۆ خۆشی ئەو دروستكراون و دەبێ جێبەجێ كاری ئارەزووەكانی بن بەلێدان و ئارەزووەكانی  تریشەوە...